# سەگێ بەفریام دەکەوێ



عەباس سالح عەبدوڵلا

2002 /5 /20 کۆیە

ڕۆدەچمە نێوباخاتی خەیاڵە خەستەکانم
لەوێوە بۆ ساتەونەکان دەگەڕێم
بۆ ئەو ڕۆژانەی زەردهەڵگەڕان وەک پرچی پایز
پەنا بۆ تۆ دەبەم
ئەی دەنگی ئەزەلی لەغەیبەوە هاتوو
بمبەرەوە بۆ ئەوێ لەوێ قومێ جوانی دەنۆشم
لەوێ یاقوتی هەنارو شیلەی ماچی
ترێ دەچێژم
قروسکەی تۆ گریانی خۆمم دەهێنێتەوە یاد
دەقروسکەت بێت تۆ تەنیایی لولی داویت
منیش هەروا!!
مەنوو.. بنوی من لەیادگارەکان دەتەرێنی
مەنوو..بنوی هەناسەسوارەدەبم وگەروم
بەیەکدا دێ و دواهەناسەم قەتیس دەبێ
مەنوو توخوا مەنوو!
ئەم تەنیاییە سێدارەی بۆ داخستووم
مەنوو بنوی ئەم هەموو غەدرە دەمکوژێ
غەدری بەدرۆ هەڵزنان بەسیاسەتا
غەدری بەدرۆ دڵداری لەگەڵ جوانیدا
غەدری دڵنیایی نەبون لەخود..
مەنوو قروسکەت بێت بمبەرەوە بۆ ئەو خوارەوە
بۆ کەلاوە قوڕەکەی جارانم
بۆ سێبەری ژێر دارچنارە عاشقەی بڕیانەوە

بۆ ئەو ژێر خانەی بۆنی فێنکی و بۆنی بارانی لێ نەدەبڕا
بمبەرەوە بۆ ئەوێ، نەبا لەژێرغەدری ئەم تەنیاییەدا بمرم
ئێرە بۆنی ماچی کچەدراوسێکەمان و بۆنی چێشتەکەی
دایکم و بۆڵە بۆڵی باوکمی لێ نایە
بمبەرەوە بۆ ژێر چۆڕاوگەی سەربانە نزمەکانی کانێسکان
بۆ نێو کولانەی توتکەکانم
لێ گەڕابان شەوانە لەنێویاندا دەخەوتم
دەقروسکەت بێت،
ئەوانیش لەبێکەسیدا دەگریان
قروسکەت بێت ئەمشەو بەڕۆحم ئاشنای
چ ئاوازێکی حەزین لەگەروت هەڵدەستێ
هەڵاوی زستانە ساردەکانی ئەوێم دێتەوە یاد
دەنگی بەسۆزی دایکم و گریانی خوشکەکانم وتوڕەبوونی
براکانم دێتەوە یاد
دەقروسکەت بێت دوورمخەرەوە لەکفەی خوێن و
مۆڕەی مەرگ
لەپەتی سێدارەی تەنیای
* * *